# مەملەکەتێك پر لە ئاڵای داگیرکەری عێراق ...



رزگار کۆچەر
rzgarkochar@hotmail.com

کوردستان نەوەك پرە لە ئاڵای عێراق بەڵکو پربووە لەم دەزگایانەی کە کار بۆ عێراقی بوونی نەوەی پاش راپەرین دەکەن و دیسان ئاشنایان دەکەن بە ناوی ولاتێکی نەخۆشی سەرمەرگ کە ناوی عێراقە ..

پاش سەرکەوتنی هەڵبژاردەی عێراق هەولێر و سلێمانی ناویان چووە رێز لیستی ئەو شارە عێراقیانەی کە زۆرترین خەڵك تیا رژانە سەرشەقامەکان کە تێیدا سەدەها گەنجی کورد ئاڵای دەوڵەتی تێك هەڵوەشاوەی عێراقیان بەرز راگرت و ماچیان کرد , ئەمجارەش نازە مۆل و تەلەفزیۆنی عەشتارو ئاسایا سێل لە پێناو هەندێ دەست کەوتی مادی هەڵسان بە رکلام کردن بۆ وڵاتێك کە رابردوەکەی پرێتی لە خوێن رەشتنی باب و باپیرانی ئەونەی دوێنێ بەبەغا ئاسا بە زمانێکی شرو سەقەت هەواریان دەکردو دەیان گوت ئەنا عراقی ....الیوم یومك یا بەتەڵ بەڵام کام بەتەڵێك ...؟؟؟

ئەم جارەش لە رێگای ریکلام کردن بۆ فدبۆل و ستار ئەکادیمی و کۆمەڵێ دیاردەی مستەورد کە ئێستا لای گەنجی کورد نامۆیە , هەندێ دەزگای بە ناو کورد و بەروخسار خزمەتکاری بێگانە دەست کەوتی مادی چاکیان دەست کەوت و دیسان خزمەتێکی باشی ئەوانەیان کرد کە تا ئێستا کوردستان بە شیمال حەبیب دەناسراێنن و بەرز کردنەوەی ئالای عیراقیش لە کوردستان بە یەك پارچەیی خاکی عیراق ئەژمار دەکەن و خەون بەم رۆژە دەبینن تا ئاڵای دەوڵەتی داگیرکاری عێراق بگەرێتوە سەر لوتکە بەرزەکانی کوردستان , ئەم جارەش عێراقچیەکانی ناو کوردستان هەناسەیەکیان پێش مردنی دەوڵەتێك کە ناوی عێراقە بۆ ئایندە هەڵمژی و نامۆبوونی گەنجانی کورد بۆ نیشتمانی بوون هەڵقۆزتەوە , دیسان عەرەبە هەڵاتوەکانی عێراق لە کوردستان نمایشێکی قێزەوەنی جارانیان لەبەردەمان ئەنجامداو رۆژانی یوم میلاد و میلاد حزبیان هێناوە یادمان کاتێك کوردە چڵکاو خۆرەکانی ئەو زەمان سوێندیان بۆ عێراقی بوون بەعسیبوون دووپات دەکردەوە , ئەمجارەش سەدان کورو کچی کورد بێ بیرکردنەوە سەرو سیمای خۆیان بە نەخشەی ولاتێکی دۆراو داگیرکەر رەش کرد و تا درنگانی شەو لەبەردەم قەڵاو سەرا مەنسورە یا بەغدادیان گوتەوە , ئەمجارەش هەندێ دەزگای مێشك خالی لە ئینتیما بوون بۆ کوردستان روی بۆیاغ کراوی خۆیان نیشانی زومی کامیراکان داو گوتیان کوردستان بە شێکە لە عێراق لە دوا رۆژیش هەر وا دەبێت .

ئەو بانگەشەیە بۆ عێراقی بوون کارەساتێکی ئەوندە گەورەیە وا بەئەسانی وەسف ناکرێت چونکە لەناو جەرگەی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گەورەترین پەیمان بۆ عێراقی بوون سازکرا , بە بەرز کردنەوەی ئالای عروبە لە کوردستان دڵی دوژمنان و کۆنە بەعسیەکانیان خۆش کرا , وایان لە موتلەگ و عەلاوی و جبوری و هاشمی کرد هەناسەیەك هەلمژن تا لە ئەگەری هەر پێش هاتێکی سیاسی و هەرگۆرانێك لە عێراق گەر ریفراندۆم بخوازیت نەوەك لەسەر کەرکوك بەڵکو لەسەر سلێمانی و هەولێر , ئەوا ئەوان پشت بە دەنگی ئەم چەندە گەنجە سەرلێشێواوە دەبەستن کە دەگ و رەقس لە هەر کوێ بوو ئەوا ئەوان ئامادەن ودەنگ و سەدای ئەم دەهۆل و زورنایەن , زۆر بە داخەوە ئیمرۆ لە زۆربەی خاکی کوردستان ئالای بەعسیەکان لە سەر رومەتی گەنجانی نیشتمان نەخشێندرا , زۆربەیان ئەستێرە عروبیەکانی ئەم ئاڵایەیان زۆر بە دڵ سافی و نەزانی لە باوەش کردوو لە پاڵ ماچ کردن و بۆن کردنی فرمێسکیشیان بۆ رشت و دووپاتیان کردەوە کە ئەوان لەگەل بیستنی دەهۆل و زورنا گۆلێك بۆ عێراق نەوەك دەبن بەعێراقی بەڵکو ئەمجارەش جاش ئاسا پێش لەشکری

داگیرکاری عێراق دەکەون تا وڵاتیان داگیربکاتەوە ..

ئیمرۆ وەك خۆیان ئاماژەیان پێ کرد عێراقی عرەبی لە سعودیەی عەرەبی بردەوە , جا نازانم ئێمەی کورد بۆ رژاینە سەرشەقامەکان ؟؟؟

بۆ هوار ؟؟؟؟

گەر بۆ کورد بوونی هاوارە ؟؟؟

هاوارخۆی ئەوندەی شانازی بە تەعریب بوونی خۆی دەکات ئەوندە هەست بە کورد بوونی ناکات ...

ئەو پاشگەز بوونەوە بۆ عێراقی بوون چ مانایەك دەبەخشێت , تا مرۆڤ لە ڤێزەوەنترین کات وسات ژیانی خۆی ببینێت و لەبەردەم ئاڵای ئەنفال ئاهەنگ بگێرێت , ئەوەی ئیمرۆ لە هەولێرو سلێمانی بینیم دڵی هەموو ئەوانەی خۆش کرد کە مافی گەلی کوردستان لە چوار چێوەی هەرێمی کوردستانیش نابینەوە . بەچ هەقەیك کۆمەڵە وەلەکە عەرەبێك نیشتمان ئاوەگل دەکەن ودیسان ئالای بەعسیان و وتنەوەی مەنسورە یا بەغداد مێشکمان کاس دەکەن , چ مانایەك دبەخشێت ئەو هوتاف لێدان و بە عێراقی بوونە؟؟؟

هەقی سالح موتلەگە شانازی بەخەڵکی هەولێر وسلێمانی و دهۆك بکات ئەوەتا زۆربەیان رووی خۆیان بە ئاڵای عروبە نەخشاندوە , ئەوەتا مەنسورە یا بەغداد لە قورگی کورە ئەنفال کراوێکی دەشتی هەولێرە , ئەوەتا شاری هەڵەت و قوربانی بە لێشاو دەرژێنە شەقامەکان و بە عێراق عێراقی کورە گەرمیانیەك دەمانخەنە گومان لە کورد بوون و کوردستانی بوون خۆمان ...